# دەستێوەردانی دەرەکی لە مەسەلەی کەرکووک





هاشم عەبدولڕەحمان شبلی



تەحسین کەهیە

لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی لەلایەن٨٠٪ی گەلانی عێراقەوە، ئەو مەسەلەیە بۆ هەموولایەک روون بۆوە کە مەسەلەی پێداگرتنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە سەر گەڕانەوەی کەرکووک وتەواوی ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، مەسەلەیەکە پەیوەندی بە سنووری جوگرافی ومێژوویی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، نەک لەبەر ئەوەی کەرکووک یان خانەقین و مەندەلی خاوەنی سەرچاوەی داهاتی سروشتین.

هەرێمی کوردستان وێرای ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە بە داهاتی نەوتی کوردستان کاردەکرێت و داروبەردی دەدرێت بەسەریەکدا، خاوەنی دەیان و سەدان سەرچاوەی سروشتییە و لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیشدا کێڵگەی نەوت هەیە و کاری تێدا دەکرێت.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەگشتی وخودی سەرۆکی کردستان چەندین جار تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە داهاتی نەوتی عێراق بۆ هەموو عێراقە، بەڵام مەسەلەی گێڕانەوەی سنوری ئیدارەی پارێزگای کەرکووک و سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب و راگواستن و شێواندنی دیموگرافیای ئەو ناوچانە بەهێنانی عەرەبی هاوردە، ئەوە مەسەلەیەکە لە عێراقی نوێدا جێگەی نابێتەوە.

ئەم مەسەلەیە کە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەخودی عێراقیەکانەوە هەیە و لە یاسایەکانی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقدا و لە چوارچێوەی ماددەی ٥٨و دواتریش لە دەستووری عێراقدا بەپێی ماددە١٤٠میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان دانراوە و ئێستا ئەم لیژنەیە بە سەرۆکایەتی بەڕێز هاشم عەبدولڕەحمان شبلی دەستبەکارە.

# پێشلکردنی دەستوور و سەروەریی عێراقە



بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و نیگەرانییە کاتێک تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووک بە کورد و عەرەبی و تورکمان و کلد و ئاشوورییەوە پشگیری لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠دەستووری عێراق دەکەن، دەبینین تورکیا کۆنفراس لەسەر کەرکووک گرێدەدا و لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە نوێنەری راستەقینەی پێکهاتە سەرەکییەکان لە کورد و تورکمان بەشدارییان تێدا نەکردووە.

بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتۆکردنی ئەم دۆسییە گرنگە و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی ماددەی١٤٠"گوڵان" راوبۆچوونی لایەنە جیاواز و پەیوەندارەکانی لەسەر ئەم مەسەلەیە وەرگرتووە و بۆچوونەکانیان وەک خۆی بڵاو دەکاتەوە، لەم تەوەرەدا ئەم بەڕێزانە بەشداریان کردووە.

١- هاشم عەبدولڕەحمان شبلی/وەزیری داد لە حکومەتی عێراق و سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠

٢- تەحسین کەهیەل/نوێنەری تورکمان لە لیژنەی جێبەجێکردین ماددەی١٤٠

٣ - ئەیوب قارت/رووناکبیر و سیاسەتمەداری تورک لە ئەنقەرا

٤- ئیبراهیم گوجلو/ رووناکبیر و ئەکادیمیستی کورد لە دیاربەکر



ئەیوب قارت



ئیبراهیم گۆجلو



## ڕۆس ویلسۆن باڵیوزی ئەمەریکا لە ئەنکەرە: مەسەلەی کەرکووک، مەسەلەیەکی عێراقیە و عێراقیەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدەن

هەڵوێستی ئەمەریکا لەسەر مەسەلەی کەرکووک لەگەڵ ئەوەی بەو ئاستە ئیجابی نییە کە عێراقییەکان بۆ یەکلایکردنەوەی ئەم کێشەگرنگە پشتی پێ ببەستن بەڵام لانی کەم دان بەوە دادەنێن کە ئەم مەسەلەیە، مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراقییە و عێراقییەکان بڕیار لە چارەنووسی ئەم شارە دەدەن.

لەمبارەوە وەک میدیاکانی تورکیا لەسەر زاری رۆس ویلسۆن باڵیوزی ئەمەریکا لە ئەنکەرە بڵاویان کردۆتەوە و لە میانەی سەردانێکدا بۆ بارەگای پارتی چەپی گەلی دیموکراتی تورکیا (پارتەکەی بلند ئەجەوید) و سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووک و مافی تورکیا بۆ دەستێوەردانی لەم مەسەلەیەدا، ویلسون بە ئاشکرا رایگەیاندووە: (دەکرێت تورکیا یان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆچوونی خۆیان هەبێت، بەڵام سەرەنجام ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ عێراقیەکان و هەر ئەوانیش بریار لەسەر چارەنووسی ئەم مەسەلەیە دەدەن).

بەڵام ئەولایەنەی کە نایەوێت لەم مەسەلەیە تێبگات، حکومەتی تورکیا ئەم تێنەگەیشتنەش هەندێک دەگێڕێتەوە بۆ شاڵاوەکانی هەڵبژاردن کە بەم نزیکانە دەست پێدەکات، هەندیکی دیکە بۆ پشتگیری سیاسەتی ناوخۆی تورکیا و سەرقاڵکردنی هاووڵاتییانی تورکیا بە کێشەیەکەوە کە پەیوەندی بەوانەوەتییە.

هاشم عەبدولڕەحمان شبلی وەزیری داد و سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ تایبەت بۆ گوڵان:

# ئێمە پابەندین بە دەستووری عێراقەوە و، خۆمان بڕیار دەدەین، کۆنفرانسەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێراق بایەخیان نییە



**ساڵی ٢٠٠٧، ساڵێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ چارەنووسی کەرکووک و ناچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، میکانیزمی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقە، کە بەڕێز هاشم عەبدولڕەحمان شلبی وەزیری دادی عێراق سەرۆکایەتی دەکات ونوێنەری سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی لە خانەقین تا شەنگاری لەخۆگرتووە.**
**دەربارەی ئەم مەسەلەیە بەڕێز سەرۆکی ماددەی ١٤٠لە هەڤپەیڤینێکی تایبەت بەگوڵاندا بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:**

**لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا دەبێ هەموو بڕگەکانی ماددەی ١٤٠جێبەجێ کرابێت.**

دەربارەی میکانیزمی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق هاشم عەبدولڕەحمان شلبی بە گوڵان رایگەیاند: ماوەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ئێمە دیاری کراوە و، دەبێ لەو ماوەیەی کە دیاری کراوە هەموو بڕگەکانی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە جێبەجێ بکرێت، بێگومان ئێمە لە مەسەلەی دانانی میکانیزمێک و پێکهاتەی ئیداری بووینەوە کە بریتییە لە سێ نووسینگە"کەرکووک،خانەقین، شەنگار" هەروەها لیژنە فەرعییەکانیش وەک:

* سکرتاریەتی لیژنەکە.
* لیژنەکانی بەدواداچوونی راستییەکان
* دامەزراندنی کارمەندی پێویست بۆ هەڵسوڕاندنی تەواوی کارە ئیدارەییەکان.

دوای ئەمانە دەستمانکردووە بە داڕشتنی پلانێک بۆ گێڕانەوەی دەرکراوەکان بۆسەرماڵوحاڵی خۆیان، هەروەها میکانیزمێکی دیاریکراویشمان بۆ مەسەلەی هاوردەکان داناوە و لە کۆبوونەوەی داهاتووشماندا کە بەم نزیکانە گرێیدەدەین ئەم مەسەلەیە یەکلایی دەکەینەوە کە بریتین لە:

* چۆنیەتی گێڕانەوەی دەرکراوەکانی بۆ سەر ماڵ وحاڵی خۆیان
* بنەمایەک بۆ قەرەبووکردنەوەیان
* چۆنیەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی هاوردەکان" ئەو عەرەبانەی هێنراون بۆ کەرکووک و ناوچەکانی دیکە"
* هەروەها لەگەڵ لیژنەی نیزاعی مولکییە رێککەوتووین کە بەزووترین کات و بەپێی ئەو یاسا بنەڕەتییانەی ماددەی ٥٨ی یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت و ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەچەسپێنێ، بڕیاری پێویست دەر بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو زەوی و موڵکانەی پێشتر دەستیان بەسەرداگیراوە و گێڕانەوەیان بۆ خاوەنە ئەسڵییەکەی خۆی.

**کۆنفراسەکانی تورکیا کاریگەری لەسەر کاری ئێمە نابێت.**

بێگومان هەموو هەوڵ و گوشارەکانی تورکیا بۆ ئەوەیە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠ پەکبخات، لەسەرووی هەمووشیانەوە ریفراندومی خەڵکی بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دوابخرێت، لەم پێناوەشدا چەندین جار شاندی بە بێ ڕەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی کەرکووک کردووە، لەم ماوەیەشدا لە ئەنکەرە کۆنگرەیەکی سەبارەت بە چارەنووسی کەرکووک گرێداوە کە تیایدا نوێنەری لایەنی کوردی بەشدار نەبوو، هەروەها نوێنەری ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی دیکەش بەشدارنەبوون دەربارەی ئەم مەسەلەیە سەرۆک مادەی ١٤٠ گوتی: پشت بە خوا ئێمە ئەوەی لە توانامانداا بێت دەیخەینە گەڕ بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە دانراوە لە کاتی خۆیدا تەواو بکرێت، بە گەشبینییەوە دەڵێم ئێمە سورین لەسەر ئەوەی هەموو کاروبارەکانی پەیوەندار بە جێبەجێکردنی ئەم مادەیەوە جێبەجێ بکەین، ئەم لیژنەیە سەر بە هیچ لایەنێک نییە و لیژنەیەکی عێراقی بێ لایەنە، نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو ناوچانەی لەخۆی گرتووە، بە تایبەتی لە کەرکووک نوێنەری کورد و تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشووری تێدایە، هەربۆیە ئێمە هەرگیز بە هیچ کۆنگرەیەک یان هەوڵێک بۆ باسکردنی ئەم مەسەلەیە نیگەران نابین لەبەر ئەوەی ئەو هەوڵ و کۆنگرانە چ لەناو عێراق و یان لە دەرەوەی عێراق بن کاریگەری لەسەر کارەکانی ئێمە نابێت.

ئێمە دەستوورێکی خۆمانمان هەیە لەم دەستوورە مادەی ١٤٠ هەیە و لەلایەن زۆربەی زۆری گەلانی عێراقەوە پەسەند کراوە، هەروەها سەبارەت بە کەرکووکیش هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠بەشدران، کەواتە دەستێوەردانی دەرەکی هیچ کاریگەری نابێت و ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە خودی عێراقییەکان و هەر عێراقییەکانیش بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدەن.

تەحسین کەهیە

نوێنەری تورکمان لە لیژنەی مادەی ١٤٠ بۆ گوڵان:

# مادە ١٤٠ی دەستووری عێراق کێشەی کەرکووک چارەسەر دەکات و ئێمەش پابەندین بە دەستووری عێراقەوە



**بیانووی تورکیا بۆ دەستێوەردان لە مەسەلەی کەرکووک بۆ پاراستنی تورکمانەکانی کەرکووکە، لەکاتێکدا تورکمان بەشێکی زیندووی گەلی کوردستان و گەلانی عێراقە و لە چوارچێوەی پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا مافەکانیان پارێزراوە و وەک نەتەوەیەک لە کوردستاندا سەیر دەکرێن و ئەوانیش بەشدارییەکی کارا و چالاکییەکان لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە.**

**لە کورستاندا، تورکمان بێجگە لەمانە رۆشنبیری و خوێندن بە زمانی خۆیان مافی چالاکی سیاسی و دامەزراندنی پارتی سیاسی و بەشداری سیاسیشیان هەیە، ئەوان خۆیان بە هاووڵاتی کوردستان دەزانن، شارەوەش نییە کوردستان فرە نەتەوە و فرە ئایینە و ئەم هەمەڕەنگییەش سیمایەکی ڕازاوەی بە هەرێمی کوردستان بەخشیوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و هەوڵەکانی تورکیا بۆ دەستێوەرانی لەم مەسەلەیە بەڕێز تەحسین کەهیە نوێنەری تورکمان لە مادەی ١٤٠ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### خاڵ بە خاڵ مادەی ١٤٠ جێبەجێ دەکەین

چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لە بەرژەوەندی سەرجەم عێراق و سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانە بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوورییەوە هەربۆیە هەموولا هاوڕا و هاودەنگن لەسەر یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە. دەربارەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ تەحسین کەهیە بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو:

دوای تەواوبوونمان لەپێکهاتنی لیژنە سەرەکییەکان و پێکهاتە ئیدارییەکان و هەروەها وەرگرتنی چەندین بڕیار بە پێی بڕگەکانی مادەی ١٤٠، ئێستا دەستمانکردووە بە جێبەجێکردنی خاڵ بە خاڵی مادەی ١٤٠، هەروەها چەندین بڕیارمان دەرکردووە سەبارەت بە گەڕانەوەی دەرکراوەکان، هەروەها گێڕانەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو گواستراونەتەوە، ئەمەش واتە گێڕانەوەی ئەو دەرکراو فەرمانبەرە گواستراوانەی کە لە سەرەمی ڕژێمی پێشوو بەمەبەستی شێواندنی دیموگرافیای شارەکە لە دژیان پیادە کرابوو، هەروەها لەسەر مەسەلەی گێڕانەوەی دەرکراوەکان باسی ئەوەمان کردووە چۆن ئەم دەرکراوانە بگێڕینەوە و چۆن بتوانین قەرەبوویان بکەینەوە، ئەویش بە پێدانی پارچەیەک زەوی بۆ ئەو خێزانانەی کە لەناو کەرکووکدا زەویان نییە، هەروەها گێڕانەوەی ئەو زەوی موڵکانەی بۆ ئەوانەی خاوەنین و پێشتر دەستی بەسەردا گیراوە، ئەمە بێجگە لە پێدانی ١٠ ملیۆن دینار بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر ئەو زەویەی پێیان دەدرێت خانوو دروست بکەنەوە.

هەروەها دەستمان کردووە بە پێدانی زانیاری بۆ لیژنەکانی بەدواداچوونی ڕاستییەکان و ئێستا ئەم لیژنەیە لە کەرکووک و خانەقین بە ڕێکوپێکی کاری خۆیان بەڕێوە دەبەن سەبارەت بە هاوردەکانیش ئێستا سەرقاڵی ئەوەین چۆن بڕیارێک سەبارەت بەوانیش دەربکەین.

### ئەم کێشەیە کەڵەکە بووی ٣٥ ساڵە

چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان کارێکی ئاسان نییە و چەندین لق و پۆپی جیاوازی لێ دەبێتەوە، دەربارەی جێبەجێکردنی ئەم مادەیە لەکاتی خۆیدا نوێنەری تورکمان لە لیژنەی ١٤٠ گوتی: بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ سەقفێکی زەمەنی دانراوە، ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە کار ئەم مەسەلەیە لە کاتی خۆی یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیشەمان لەبەر چاو بێت کە ئەو کێشەیە کێشەیەکی ئاسان نییە و کەڵەکەبوونی ٣٥ ساڵ لەمەوپێشە، هەربۆیە ناتوانرێت ڕاستکردنەوە و سڕینەوەی هەڵەکانی ماوەی ٣٥ ساڵی پێشوو پەلەی تێدا بکرێت، ئەمە پێویستی بە چاودێری مەیدانی دەوێت، ئێمەش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕاسپێردراین لە کاتی خۆیدا ئەم کارە جێبەجێ بکەین.

### ئێمە پابەندین بە دەستووری عێراقەوە

دەربارەی ئەو دەستێوەردانانەی تورکیاش لەسەر مەسەلەی کەرکووک، لەکاتێکدا دەستووری عێراق میکانیزمێکی گونجاوی بۆ ئەم مەسەلەیە دارشتووە، تەحسین کەهیە بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو:

هەموو لایەک دەزانێت ئێمە لەگەڵ مادە دەستوورییەکانین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، ئێمە وا سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەین دەستوور میکانیزمی بۆ داناوە و ئەم دەستوورەش لە لایەن گەلانی عێراقەوە پەسەند کراوە، ئێمە دەمانەوێت گرفتەکان لە چوارچێوەی دیالۆگی نیشتمانی چارەسەر بکرێت، هەربۆیە دەستێوەردانی دەرەکی کارێکی ڕاست نییە، ئەوجا ئەگەر ئێمە بمانەوێت مادەیەکی دەستوری جێبەجێ بکەین یان جێبەجێ نەکەین.

بێگومان نەک ئێمە حکومەتی عێراقیش لەسەر ئەم کۆنگرانە ڕازی نییە و تەنانەت لە کۆنگرەی پێشووتر باڵیۆزی عێراق لە ئەنکەرە ئامادە نەبوو ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کۆنگرانە دەربڕی ڕای گشتی خەڵکی عێراق نییە و ئەوەی دەبێتە دەربڕی ڕای گشتی عێراق ئەو دەستوورەیە کە دەنگمان بۆ داوە و هەر ئەو دەستوورەش لە عێراقدا حاکم دەبێت.




# پێویستە لەمەودوا تورکیا و هەرێمی کوردستان بچنە نێو کوالسیۆنێکی ئیقلیمی و نێونەتەوەیی

ئەیوپ قارت، کە ڕروناکبیرێکی دیارو ناسراوە لە ئەنقەرا و یەکێکە لە خانەوادە ئەرستۆکراتەکانی ئەو شارە و لە دەزگای«تورک دەر» کاردەکات، ڕەخنەی لەسیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لەبەرامبەر کوردان گرت و گوتی: "ئەمڕۆ لەهەرێمەکە ئێران پشتیوانی شیعەکانی باشوور دەکات و هەردوولایەن پێکەوە سیاسەت دەکەن، دەبێت دەوڵەتی تورکیاش خاوەنداریی لەکوردان بکات، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی کوردیش دابمەزرێت، تورکیا نابێت ڕێگر بێت و بەهەستی نەژادپەرستی لەدژی ئاواکردنی دەوڵەتی کوردیی بوەستێت". هەروەک ناوبراو پێیوایە دەبێت دیالۆگێکی چڕ لەنێوان کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا و سەرکردە کوردەکانی ئێراق دەستپێبکات. بۆیە گوتی: "پێویستە لەمەودوا هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا پێکەوە بچنە نێو کوالسیۆن و هاوکێشەیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی گەورە".

ماوەیەک لەمەوبەریش، دەنیز بایکاڵ سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری نارەزایی خۆی لەبەرامبەر هێندێک لەئاخاوتنەکانی ڕۆشنبیرانی تورک نیشاندابوو کە داوای چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا و مامەڵەیەکی واقیعی و ئەرێنیانەی تورکیا لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بایکاڵ گوتی: "دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی مەترسییەکی زۆر گەورە بۆ تورکیا دەهێنێت. لەبەرئەوە ئێمە نامانەوێت ئێراق دابەش ببێت و، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیش گەمەیەکی ئیمپریالیزمە. کوردەکانی باکوور و باشوور وەک یەک نین، ئەم شتە لەلایەن هێندێک کەسەوە تێکەڵ دەکرێت، گەرەکە ئێمە بەگەمەکانی ئیمپریالیزم هەڵنەخەڵەتێین و ڕێگە بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەدەین". وەک دەزانرێت، بایکاڵ یەکێکە لەو کەسانەی کە بەتوندی لەدژی ئەزموونی فیدراڵی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمە لەشاری کەرکووک. هەروا کەسێکە ئێستا دەڵێت پێویستە پەرلەمانی تورکیا بەخێرایی دانیشتنێک ساز بکات و بڕیاری موداخەلەیەکی عەسکەری بۆ سەر هەرێمی کوردستانی ئازاد بدات.

لەلایەکی دیکەوە، گۆندۆلیزا ڕایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەکۆمیتەی نەتەوەیی کۆنگرێسی ئەمریکادا لەبارەی ڕەوشی ئێراق قسەیەکی سەرنجڕاکێشی کرد. ڕایس گوتی: "ئەگەر ئێمە لەئێراق سەرنەکەوین ئەوا ئێران لەهەرێمەکە دەبێتە هێزێکی کاریگەر و لەباشووری ئێراق هەرچی بخوازێت ئەنجامی دەدات، لەڕەوشێکی وەهاشدا لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین شەڕێکی دژوار لەنێوان شیعە و سوننە دەست پێدەکات". ڕایس گوتی: "لەباکووری ئێراق کوردان بڕیاریانداوە لەچوارچێوەی ئێراقێکی یەکگرتوودا بژین، ئەمەش کوردان ناچار دەکات ئەو بڕیارەی خۆیان بگۆڕن و پابەندبوونی خۆیان بەئێراق

هەڵوەشێننەوەو لەئاکامیشدا تورکیا نیگەران دەبێت". وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هێمای بۆئەوەش کرد کاتێک ئێراق بۆ کوردان بیێتە بەڵا و وەیشومە، ئەوکاتە کوردیش ناچارن بڕیارێکی جـــودا وەربگرن و بەمشێوەیەش لەگەڵ تورکیا گرفت و ناکۆکی رووەدات. بۆیە ئێراقێک کە ئێوە دەخوازن دروستی بکەن ئەو ئێراقە دەبێت. بۆیە گوتی: "کاتێک ئەمریکا ئێراقی داگیر کرد لەبەر کێشەی نێوان کورد و تورک لەلایەک و لەباشووریی ئێراقیش کێشەی ئێران، ئەوا بڕیارماندا یەکێتی خاکی ئێراق بپارێزین".

تێڕوانینەکانی ئەیوب قارت لەبارەی پرسی کەرکووک وردتر و واقیعیانەتر بوو، لەمبارەیەوە گوتی: بەدرێژایی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی ئێراق نوێنەرانی کوردستان لەبەغدا لەگەڵ عەرەبان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوک بەپێی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری ئێراق گفتوگۆیان کردووە، بەڵام بەداخەوە هەردوو حکومەتەکەی عەلاوی و جەعفەری بۆ ئەم مەسەلەیە شتێکی ئەوتۆیان نەکرد و بەڵکو هەمیشە خاوخلیسکیان کردووە. بەڵام دەسەڵاتدارانی تورک بەمەش نەوەستان و لەهەموو دانوستان و وتوێژە فەرمییەکانی خۆیاندا دوژمنایەتی خۆیان بۆ کوردستانیبوونی کەرکوک دووپاتکردەوە. ئەوکات ئەوان جەعفەریان بۆ تورکیا داوەت کرد و لەسەر چارەسەری کەرکووک وتوێژیان کرد. بەڵام کوردەکانی ئێراق هەڵوێستێکی نیشتمانیان وەرگرت کاتێک کۆتاییان بەپۆستەکەی جەعفەری لەئەنجومەنی وەزیران هێنا. تەنانەت لەکاتی دامەزراندنی کابینەی مالکیشدا مەرجی سەرەکی کوردان چارەسەرکردنی رەوشی کەرکووک بوو. لەبەرئەوە پێویستە کورد بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر کوردستانیبوونی کەرکوک نەکەن، چونکوو لەوەوبەر کوردان بۆ ئەم مەسەلەیە باجێکی گەورەیان داوەو شۆڕشی کوردان لەسەر ئەو مژارە هەرەسی هێناوەو چەندان قوربانی گەورەیان بەخشیوە. بۆیە پێویستە کورد هەوڵی کاراکردنی کارەکانی ئەو کۆمیتەیە بدەن کە بۆ ماددەی ١٤٠ تەرخانکراوە، تەنانەت

دەسەڵاتی کوردی پێویستە زۆر بەسەخاوەتەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی کەرکوک بکات و پاڵپشتی و کۆمەکی هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوک بکات.

لەبارەی هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەکانی حکوومەتی تورکیا،قارت پێیوایە دەوڵەتی تورک لەسەر کەرکوک درێژە بەهەڕەشە و گوڕەشەکانی خۆی دەدات. لەبەرئەوەی دەوڵەتی تورک بەهیچ کلۆجێک ئامادە نییە دەستووری هەمیشەیی ئێراق قەبووڵ بکات، بۆیە هەمیشە هەوڵدەدات دەست وەربداتە نێو کاروباری ناوخۆیی ئێراقەوە. لەکاتێکدا ئەمڕۆ زۆربەی سەرکردە کورد و عەرەبەکان دەڵێن پرسی کەرکوک پرسێکی ناوخۆیی ئێراقییەکانە و هیچ پێویستی بەهێزی تورکیا و هێزێکی دەرەکی دیکە نییە تەداخول لەم مەسەلەیە بکەن. بەڵام دیسان کاربەدەستانی تورک شتێک لەم مەسەلەیە تێناگەن و پەرلەمانتارانی تورکمان لەپەرلەمانی بەغدا

لەسەر کەرکووک. بۆیە ئەمە مایەی شەرم و دووڕوویییە کە تورکیا ئەو هەڵوێستە نەشیاوانە لەبەرامبەر بندەستبوونی کوردان دەنوێنێت بۆ هەڵواسران و مۆڵەقبوونی کێشەی کەرکووک. بۆیە بەپاساوی مەسەلەی قوبرس پێشتریش داوایان لەکۆفی ئەنان کردبوو کە ماددەی ١٤٠ پەک بخات ئەمەش بۆ مانەوەی سیاسەتە چەوتەکانی رژێمی بەعس کە ئەو شارەی تەعریب کردبوو.

ئەیوب قارت لەکۆتایی ئاخاوتنەکانیدا رەخنەی لەکاربەدەستانی حکوومەتی ئەنقەرا گرت کە تائێستا هەوڵی ئەوەیان نەداوە دەرگای دیالۆگ لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی ئێراق بکەنەوە، بۆئەوەی خزمەتێک بەپرۆسەی سیاسیی لەئێراق و ناوچەکە بکەن و رەوشەکە کەمێک هێورتر بکەنەوە، تەنانەت بۆئەوەی رووی خۆشیان سپی بکەنەوە. بەڵام هەروەک ناوبراو روونیکردەوە ئەوان بۆ فریودانی رای گشتی تورکیا تائێستا دەڵێن سەرکردە کوردەکانی ئێراق سەرۆک عەشیرەتن. "بەڵێ، تورکیا مەجبورە وا بەپارتە کوردییەکانی ئێراق بڵێت عەشیرەتی سیاسین، چونکوو ئەگەر وەها نەڵێن ئەوا درۆکانی هەشتا ساڵیان بۆ خەڵک ئاشکرا دەبێت". بۆیە دەوڵەتی



# نابێت دەوڵەتی تورکیا لەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەئێراق ببێتە رێگر

داوەتی ئەنقەرا دەکەن بۆ نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی لەنێو ئێراقییەکان و کەرکووکیش وەک کارتێک بەکاردێنن.

دەوڵەتی تورکیا ماوەیەک لەسەر ناردنی هێزەکانی خۆی بۆ لوبنان قسەی دەکرد، وەک کاتی رووداونی شەڕی ئێراق و ئەمریکا کە دەیویست بەو بیانووە دەستێوەردانێکی سەربازی بۆ نێو خاکی کوردستانی ئێراق ئەنجام بدات، بەڵام دیسان لەگەڵ ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان نەگەیشتە هیچ ئاکامێک

تورکیا لەماوەی رابردوودا گەلێک هەوڵی خستەگەڕ بۆ لاوازکردنی پێگەی حکوومەتی فیدراڵی کوردستان، بەڵام هیچ کاتێک سەرکەوتوو نەبوو، تەنانەت لەمەسەلەی کەرکووکیشدا سەرکەوتوو نەبوون. لەبەرئەوەی لەماوەی ٣ ساڵی رابردوودا سێ هەڵبژاردن لەئێراق ئەنجامدرا. کوردان توانیان لەهەرسێ هەڵبژاردنەکە پێگە و هەیبەتی خۆیان بەهێزتربکەن و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، تەنانەت لەهەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووکیش کورد زۆرینەی دەنگەکانیان بردەوەو کە ٤/٣ ی پێکهاتەی دانیشتووانی کەرکووکی گرتەوە، ئەمەش لەدڵی رایەدارانی تورکیا بووە مایەی داخ و حەسرەتێکی زۆر.



# ئیبراهیم گۆچلو لە دیاریەکر:

## پلانەکەی بووش هیوای تورکیا و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی مراند

### ئەردۆگان پێیوایە لەبەرامبەر خەلیلزاد نان گۆری ناکات بەڵام هیواکانی شکاون و بۆ هێرشکردنە سەر عێراق خەونەکانیان لەبار چووە

**دوای راپۆرتکەی بیکەر- هاملتۆن، کورد هیواکانیان نەشکاو، بە هەموو شێوازێکی رەوا لە دژی ئەو راپۆرتە خەباتی دیبلۆماسییان بەڕێوە برد و لە خەباتەکەیان سەرکەوتوو بوون. راپۆرتی بیکەر هاملتۆن دەوڵەتی تورکیا و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە و کەس و لایەنی دوژمنی کوردانیان دڵخۆش کرد، ئەنجامی ئەو دڵخۆشکەرییە لە بەرامبەر کوردان حکومەتی فیدراڵی کوردستان دەستیان بە هەڵمەتێکی فراوان کرد، بەڵام سەرۆک ئەو هیوایانەی تێکشکاند.**

### پەیوندی دەوڵەتی تورک لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجامێکی سروشتیی نییە

راستییەکی زۆر ئاشکرا هەیە ئەویش هەبوونی دەوڵەتی تورکیا گرێدراوی پەیوندییەکانێتی لەگەڵ رۆژئاوا و وڵاتانی دەرەوە. هەڵبەتە دەوڵەتێک لەسەردەستی رۆژئاوا دامەزرێت لەسەرئەو بناغەیەش بەردەوام بێت. وەک دەزانرێت ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە شەڕی جیهانی یەکەمدا لایەنی ژێرکەوتووەکان بوو. دوای شەڕ ئەو خاکەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی داگیرکردبوون. دوای ئەوەی نەتەوەکانی بەلقان و عەرەب لە ئیمپراتۆرییەت جیابوونەوە خاکی ئیمپراتۆری عوسمانی کەمبۆوە، وڵاتانی رۆژئاوا بڕیاریاندا ئیتر ئیمپراتۆری عوسمانی لەسەرپێیان نەمێنێت و بڵاوەی پێبکرێت. لەو کاتەدا رووداوێک روویدا کە باوەڕ نەدەکرا لە روسیا و دەسەڵاتدارانی بۆلشەفیک سیستەمێکی سۆسیالیستیان لە دژی سەرمایەداری دامەزراند. ئەو رووداوە بۆ تورکەکان بووە رووداوێکی مێژوویی و هەبوونی ئەوانی پاراست، دەوڵەتانی رۆژئاوا بەتایبەت ئینگلیز بڕیاریاندا لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی چەپ و رژێمی سۆسیالیست دەوڵەتی تورکیا دابمەزرێنن و لە رێگای دەوڵەتی تورکیاوە لە بەرامبەر دەسەڵاتداری بۆلشەفیک یەدەگی خۆیان وەرگرن، لەبەر ئەمەش من بڕوا دەکەم "دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا پرۆژەی ئینگلیزە". ئەنجامی ئەم پلانەی دەوڵەتی تورکیا دامەزرا، ئەگەر بەمشێوەیە نەبێت، دەوڵەتی تورکیا دەرفەتێکی لەم جۆرەی نەبووە لە دژی وڵاتانی رۆژئاوا شەڕ بکات و دەوڵەت ئاوا بکات. لەبەر ئەمەش ئەو جەنگە نەتەوەییەی تورکەکان باسی دەکەن چیرۆکە. لەم هەلومەرجەدا دەرفەتی ئەوەش هەبوو کورد ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام هەزارجار بەداخەوە رژێمی نوێ لە رووسیا بووە هۆکاری ئەوەی کورد سەربەخۆ نەبێت و تورک ببنە دەوڵەت و کوردیش ببنە بن دەستی ئەوان. لەبەر ئەمەش دەوڵەتی تورکیا تەنیا ئەو ئەرکەی لەسەرشان بوو بۆ رژێمی سۆسیالیستی روسیا ببێتە جەنگاوەر و فیدایی، ئەو کۆنسێپتە وای لە دەوڵەتی تورکیا کردووە لەگەڵ رژێمەکانی رۆژئاوا ژیانێکی (زەحمەت و ناچاری) کردۆتە یەک. ئەو رایەی یاخود بانگەشەی دەڵێت کە پەیوەندی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا پەیوەندییەکی سروشتی و مێژوویە شتێکی راست نییە، بەڵکو بۆ تورکان ناچارییەک بوو.

دەوڵەتی تورکیا هەموو کات ئەو پەیوندییانەی بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکارهێناوە و سوودی لێوەرگرتووە، لەبەر ئەمەش دەوڵەتی تورکیا دەیخواست ببێتە دۆستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ببێتە ئەندامی ناتۆ و ببێتە ئەندامی کۆنسەی ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپا.

بەڵام هەموو کاتێک دەربارەی پرسی دیموکراسی دڵسۆز نەبووە هەموو کات بە فرت و فێڵ بووە، کە پێویستی دەکرد لە دەرەوەی ئەو کۆنسێپتەی رۆژئاوا بدرێ و رێبازی جیاوازی بەکار دەهێنا.

### هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا دوای شەڕی سارد

دوای شەڕی سارد ئەوە روون بۆوە کە جیهان جارێکی دیکە بونیاد دەنرێتەوە. لە هەموو جیهان بەگشتی و بەتایبەتیش لەو ناوچانەی کە رژێمی تاک دەسەڵات و فاشیزم بەڕێوەیان دەبات گۆڕانکاریان بەسەر دادێت و ناوچەکە بەرەو دیموکراتی هەنگاو دەنێت و ستاتۆی تازە دادەمەزرێت. دەوڵەتی تورکیا هەرچەندە لە دوای شەڕی سارد هەڵوێستی خۆی لەگەڵ گلۆبالیزم دیاریکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی دیموکرات نەبووە و کێشەی کوردستانی هەبوو هەموو کات لە دژی ئەو کۆنسێپتە نوێیەی جیهان خاوەن هەڵوێستێکی دوو لایەنە بووە. لە ناوچە دوورەکان لەگەڵ ئەو کۆنسێپتە نوێیەوە بوو، لە یوگسلافیا و بولگاریا و ئەفغانستان لەگەڵ گلۆبالیزم و پلانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دیموکراسی و گۆڕانکاری ستاتۆ، لەبەر ئەوەی لەبەردەم دەوڵەتبوون سەروەری کوردان دەرفەتێکی دەخولقاند، هەندێک بەئاشکرا و هەندێک جاریش بەدزی لەدژی گلۆبالیزم و ئەو کۆنسێپتە نوێیەی جیهان بوو.

وەکو ئەنجام ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی تورکیا بە ئاشکراش نەیت لە دژی پرۆژەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو لە رۆژهەڵاتی ناوین. ئەو کاتەی رۆژهەڵاتی ناوین بڕیار لە سەر پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوینی گەورە دا دەوڵەتی تورکیا لە دژی دەرکەوت. لەبەر ئەمەش لە دژی دەستێوەردانی ئەمەریکا و هێزە هاوپەیمانەکان بوو لە عێراق. هەڵوێستی ئەمەریکا لە بەرامبەر رژێمە تۆتالیتارییەکانی سوریا و ئێران بەدڵی تورکیا نەبوو، بە پێچەوانە هەموو کات خۆی نزیکی هێزە تۆلیتار و فاشیزمەکان دەکرد، هۆکاری وەرگرتنی ئەم هەڵوێستانە بۆ کێشەی کورد دەگەڕێتەوە. دەوڵەتی تورکیا ئەنجامی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێت کەکوردستان سەربەخۆ دەبێت، لەبەر ئەمەش هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی لەسەر ئەو ئەساسە بەڕێوە دەبات کە نەتەوەی کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی یاخود فیدراڵی نەبێت.

تورکیا لەسەرەتا لە دژی دەستێوەردانی عێراق دەرکەوت دواتر لە دژی لە فیدراڵیبوونی عێراق و فیدراڵیبوونی کوردستان دەرکەوت. بەرامبەر سەرۆک و بەرپرسانی بێ رێزی رابەر دەکات.

بۆ ئەوەی پلانەکانی ئەمەریکا لە عێراق سەرنەکەوێت لەگەڵ تورکمان و سوننە و شیعەکان لە دژی ئەمەریکا هاوپەیمانێتی پێکهێنا و کۆنفرانسی بۆ بەستن، ئێستاش بۆ ئەوەی کەرکووک نەگەڕێتەوە سەر خاکی کوردستان دەستی بە دوژمنایەتی کردووە. بۆ کەرکوک ئامادەن هێرشی سەربازی بکەنە

**بۆ ئەوەی پلانەکانی ئەمەریکا لە عێراق سەرنەکەوێت لەگەڵ تورکمان و سوننە و شیعەکان لە دژی ئەمەریکا هاوپەیمانێتی پێکهێنا و کۆنفرانسی بۆ بەستن، ئێستاش بۆ ئەوەی کەرکووک نەگەڕێتەوە سەر خاکی کوردستان دەستی بە دوژمنایەتی کردووە**

سەر باشووری کوردستان، بۆ ئەمەش بیانووی پ.ک.ک ی دۆزیوەتەوە، دەڵێت پ.ک.ک لە باشووری کوردستانە. بەڵام تێڕوانینەکانی بەرپرسانی تورکیا ئاشکرایە و دەیانەوێت ڕێ لەبەردەم دەوڵەت بوونی کوردان بگرن.

### "ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن و هیوای تورکیا"

ڕاپۆرتی بیکەر-هاملتۆن بە گوێرەی دڵ و داخوازی -پلانی دەوڵەتی تورکیا ئامادە کرابوو. ڕاپۆرتەکە بەرژەوەندییەکانی تورکیا و سوریا و ئێرانی پاراستووە، لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و دەوڵەتی فیدراڵی کوردستان بوو، ڕاپۆرتەکە داوا لە ئەمەریکا دەکات دەست لە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەردات و ئەمەریکا لە عێراق پاشەکشە بکات و عێراق ببێتە جێگای دەستێوەردانی دەوڵەتانی داگیرکەر وەکو تورکیا و سوریا و ئێران.

وەزیری دەرەوە ئەمەریکا دوای ئاشکرابوونی پلانەکەی بوش، ڕاشکاوانە گوتی ئەگەر ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراق بکشێتەوە وڵاتانی دراوسێی عێراق دەست لەکاروباری عێراق وەردەدەن و لە نێوان دەوڵەتی فیدراڵی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا شەڕ دەقەومێت، لەبەر ئەمەش پاشەکشێ لە عێراق لەم هەلومەرجەدا مومکین نییە.

ڕاپۆرتەکە دەخوازێت ئەمەریکا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی عێراق لەگەڵ سوریا و تورکیا و ئێران گفتوگۆ بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕژێمی سوریا و ئێران قەبووڵ دەکرێن و ئەو پلانەی لە دژی سوریا وئێران کاری بۆدەکرا پوچەڵ بکرێتەوە و ئەو شەڕەی ئەمەریکا لەبەرامبەر تیرۆریستیان بەڕێوەی دەبات رابگیرێت، بیر لەوە بکەنەوە کێشەکانی عێراق لە چ لایەنێکەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕاپۆرتەکە دەیەوێت ئەو دەوڵەتانە ببنە ئەفەندی ئەو کێشەیە.

هەڵبەتە ڕاپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن دەربارەی گۆڕینی بەشێکی دەستوور و فیدراڵی و چارەنووسی کەرکووک هیوایەک دەبەخشێتە تورکەکان. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە پێویستە چاوێکی دیکە بە دەستوور بخشێننەوە و دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی کوردستان کەمبکرێتەوە، دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز دروست بکرێت و ڕیفراندۆمی کەرکووک دوا بخرێت.

بەرپرسیارانی دەوڵەتی تورکیا لەم ڕاپۆرتەی کە لە دژی کورد و ئەمەریکای دیموکراسی دایە هێزیان لێوەرگرت و لەبەر ئەمەش دەستیان بەبێ ڕێزی کرد لە بەرامبەر سەرۆکی هەرێمی فیدراڵی کوردستان و مرۆڤ دەتوانێت بڵێت هەڕەشەیەکیان ڕاگەیاندووە.

پێش ئەوەی سەرۆک بوش پلانەکەی ئاشکرا بکات لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بە تەلەفۆن دان و ستاندنی کرد، لەم دانوستانەدا سەرۆک بوش گوتبووی پلانەکەی بە گوێرەی ئارەزووی تورکیا و سوریا و ئێران نابێت. بەتایبەتیش ئەو کاتەی

• • •

**تورکیا ئەنجامی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێت کەکوردستان سەربەخۆ دەبێت، لەبەر ئەمەش هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی لەسەر ئەو ئەساسە بەڕێوە دەبات کە نەتەوەی کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی یاخود فیدراڵی نەبێت**



باڵیۆزی ئەمەریکا (خەلیلزاد) لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لە کوردستان دانوستانی ئەنجامدا، ڕووداوەکانی لە بەرامبەر سەرۆک وەزیری دەوڵەتی تورکیا وا پیشان دەدەن ئەو کۆنسێپتەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق و ناوچەکە بەردەوام و بەهێزتر دەبێت. پلانەکەی بوش ئەو ئالۆزییانەی نەهێشت کە دوای ڕاپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن سەریان هەڵدابوو، ئەمەریکا سوورە لەسەر ئەوەی ئارامی لە عێراق بەر قەرار بکات و خەبات دەکات بۆ ئەوەی پلانی دیموکراتیزەبوونی ناوچەکە سەربکەوێت. بۆ ئەمەش پێویستە ڕێز لە دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و دەوڵەتی فیدراڵی کوردستان بگرێت و کێشەی کەرکووکیش بە گوێرەی دەستوور و بە ڕێگای ریفراندۆم چارەسەر بکات. پلانەکەی بوش هیوای دەوڵەتی تورکیا و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی مراند. سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە دوای ئاشکرابوونی پلانەکەی بوش لە دیدارێکی لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (Ntv) گوتبووی ئەو هەرچەندە لە بەرامبەر خەلیلزاد نان کۆری ناکات، بەڵام ڕایگەیاندبوو کە هیواکانی شکاون، هاوکات نەیگوتبوو هێرشی عێراق دەکەین، بەڵام تەنیا سەلمێندراوێک بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کورد ساڵی ٢٠٠٧ بکەنە ساڵی کەرکووک، شەو و ڕۆژ خەبات بۆ کەرکووک بکەن، کورد داوای مافی خۆیان بکەن. دەوڵەتانی داگیرکەر و ڕژێمە تۆلیتار و فاشیستەکان لەسەر ناهەقن و نوێنەرایەتی زۆرداران دەکەن، بۆ ئەمەش پێویستە نەتەوەی کورد سەربەرز و سەرفراز بێت، سەدەی بیست و یەک دەبێتە سەدەی کوردان، بۆ ئەمەش کارو خەباتی بە ئەقڵانی و پلانی بەردەوام و دوورودرێژ پێویستە.

**ئەمەریکا سوورە لەسەر ئەوەی ئارامی لە عێراق بەر قەرار بکات و خەبات دەکات بۆ ئەوەی ڕێز لە دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و دەوڵەتی فیدراڵی کوردستان بگرێت و کێشەی کەرکووکیش بە گوێرەی دەستوور و بە ڕێگای ریفراندۆم چارەسەر بکات**